# ئایا تورکیا هێرش دەکات؟



**دکتۆر کەماڵ میراودەلی**

بەشی سێیەم

## ڕوونکردنەوەی خاڵەکان

بۆ ئەمریکا ئێستا کوردی سوریا ی لا ستراتیجییترە لە تورکیا؟

سوپاس بۆ هەموو ئەو خۆشەویستانەی بیر و بۆچوونی زیرەکانە و بە نرخی خۆیان دەربارەی وتارەکەی پێشوو دەربڕی، ئەوانەی رایان لەگەلی هەبوو یان رای جیاوازیان هەبوو. گرنگ بیرکردنەوە و قبوڵکردنی رای جیاوازە و کەس نییە وەلامی بنبڕی هەر پرسێکی پێ بێت مادام پرۆسەی گۆڕان بەردەوام و ئالۆز و فرەلایەنەو، دەشێ لەم سەردەمەدا زۆر خێرا یان چاوەڕواننەکراویش بێت.

گرنگ ئەوەیە فێربین بریاری پێشباوەڕ و پێشوەخت نەدەین و لۆجیکیی بیربکەینەوە و ڕووداوەکان وەک پرۆسە و وەک دیمەنە گەورەکە ببینین و لەم سەردەمەدا کە گرنگترین و هەستیارترین و دەگمەنترین زانیاریی بە کلیکێکی گووگل دەستدەکەوێت، خولیای گەڕان و کەمێک خۆمان ماندووکردنمان هەبێت بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی بەهێز بۆ رایەکانمان. زۆر گوناحە،

و راستیی تاوانە، گەنجی ئەم سەردەمە بیت و زمانێکی ئینگلیزیی باش نەزانیت و نەتوانی خۆت بە دوای زانیارییەکاندا بۆ هەموو مەبەستێکی ژیان بگەڕێیت.

ئەم بەشەیان لە سەر خالی یەکەمە:

ئەمریکا بە فیعلی دەمێکە کوردی هەڵبژاردووە بە سەر تورکیادا! بەڵگەکان؟

بەڵگەکان:

( 1 )

## ئەردۆگان وا دەڵێت و راست دەکات:

ئەمریکا یەپەگەی بەلاوە گرنگترە لە تورکیا!

ئەوە من نایلێم. ئەوە ئەردۆگان دەیلێت. ئەمریکا بە کردەوە دەیڵێت. تا ئێستا دەیان جار ئەردۆگان ئەوەی لە دەیان خوتبە و چاوپێکەوتندا دووبارە کردۆتەوە:

ئەمریکا بریار بدە: یان ئێمە هەڵبژێرە یان تێرۆریستانی یەپەگە/ پەکەکە.

دەیان جار تەحەددای ئەمریکای کردووە. [ ئێوە یارمەتی یەپەگە دەدەن، بە هەزاران شاحینە چەکی نوییان دەدەنێ، ئەفسەر و جەنەرالەکانتان لەگەڵ تێرۆریستانی پەکەکە وێنە دەگرن، ئالای پەکەکە/ یەپەگە لە سەر ڤیکلە سەربازییەکانتان بەرز دەکەنەوە، نانیان لەگەڵ دەخۆن و لەگەڵیان پێدەکەنن! ئێستا دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرن:

تورکیای هاوپەیمانی ستراتیجیی و ئەندامی ناتۆ،

یان تێرۆریستانی پەکەکە]

لە هەموو جارەکاندا ئەمریکا پەنجەی ناوەڕاستیان بۆ ئەردۆگان بەرز کردۆتەوە، یەپەگە/پەکەکەیان هەڵبژاردووە!

( 2 )

## مەلحەمەی کۆبانێ: [ ڕەمزی بەهێزیی بەرگریی کوردیی]

لە کۆبانێ دەستیپێکرد، لە ئۆکتۆبەری 2014 دا. ئەوە بەرگریی بێوێنەی یەپەگە بوو بەرامبەر داعش کە بە سەر ئەمریکا و تورکیا و دنیای دا سەپاند، لە کۆبانێ پشتگیری شەڕوانانی یەپەگە و یەپەژە بکەن کە پێشتر وەک هێزی جەنگاوەر دەرنەکەوتبوون.

ئەمە سەرەتای دەرکەوتنی کوردی ڕۆژاوا بوو وەک بەرگرییەکی نەتەوەیی کاریگەر و ستراتیجی سەربازیی ئەمریکای لە سوریا و لەگەڵ هێزێکی سەربازیی کوردیی دانا.

لە بیرتانە ئەردۆگان وتی: کۆبانێ دەکەوێت، بێگومان دەکەوێت لە موسل و رەققە و... هتد، زیاتر نییە. بەلام کۆبانێ نەکەوت.



مەلحەمەی کۆبانێ

لە بەر گرنگی کۆبانێ بۆ ستراتیجی ئەمریکا و چارەنووسی کورد، بەشیکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەم.

( 3 )

## یەپەگە پەکەکەن بەلام تێرۆریست نین!

هەر لە سەرەتاوە، واتە لە کۆبانێ وە، وەک دوایی بە بەڵگەی قسەکانی خۆیان روونی دەکەمەوە، ئەمریکا سەدی سەد دەیزانی و دەزانێت پەیەدە و یەپەگە وەک ئایدۆلۆجی و ریکخراوی سیاسیی نەتەوەیی، هاوبیری پەکەکەن و هەڵگری بیر و ستراتیجی ئۆجەلانن و بە سەرکردەی رۆحیی و سیاسیی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن. نە پەکەکە ئەوەی شاردۆتەوە، سەدان وینەی ئۆجەلان لە هەموو شاریکی رۆژاوا هەبوون و، نە ئەمریکاش نکوولی لێکردووە و تا ئێستاش نوێنەری ئیستای ئەمریکا لە سوریا و جەنگی داعش جۆن جێفریی ئینکاری ئەوە ناکات. تەنانەت لە چاوپێکەتنیکی 22- 8 لەگەڵ کەنالی ئۆریەنتی ئۆپۆزیسیۆنی سووریی دووبارەی کردووە؛ سەرکردەکانی پەکەکە سەرکردایەتی هەسەدە دەکەن، بەلام ئەوان وەک تورکیا هاوپەیمانی ئێمەن!

https://orient-news.net/en/news_show/170902/0/James-Jeffery-talks-to-Orient-News

بەڵام ئەمریکا پێچەوانەی خواستی تورک، یەپەگە بە هاوپەیمانێکی ستراتیجیی متمانەدارتر لە تورکیا دەزانێت نەک تێرۆریست.

( 4 )

## پەکەکە نوێنەری ترامپ خەڵات دەکات!

لەحزەیەکی زۆر گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی کوردا: مکگورک لە کۆبانێ:

لە ئۆکتۆبەری 2014 ی کۆبانێ وە بۆ کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی 2016 کۆبانێ!

یەکەم سەردانی ئاشکرای ئەمریکییەکان بۆ کۆبانی و یەپەگە لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی 2016 دا بوو، مکگورک لەگەڵ چەند جەنەراڵێکی ئەمریکی سەردانی کۆبانێی کرد لە کاتیدا هێشتا زۆر خەتەرناک بوو، لەلایەن داعشەوە، تورکیا، ڕژێمی سووریی هەڕەشەی لەسەر بوو. ڕاستی، بۆ خۆم ئەستەم بوو لام باوەڕ بەو دیمەنە مێژووییە سەرنجڕاکێشە بکەم: نوێنەری شەخسی سەرۆکی ئەمریکا، گەورە جەنەراڵەکانی ئەمریکی، دەچنە ماڵەکوردیکی ساکاری [ پەکەکە]؛ دوو ڕۆژیش لە کۆبانێ دەمێننەوە، بە ئاشکراش، وێنە لەگەڵ شەڕوانانی یەپەگە دەگرن و بە جەنەراڵ ناویان دەبەن، تەنانەت پلاگێکی خەلاتی پەکەکەیی قبوڵ دەکەن،. من شاگەشکەبووم، ئەردۆگان شێت بووو.



[ ئەو وێنەی تورکیا ی شێت کرد، سەرکردەی یەپەگە کە ئەمریکا  بە جەنەراڵ ناوی برد و تورکیا بە خەتەرناکترین تێرۆریست، ، لە دەستەڕاستی مکگورکەوە لە دانوستانیکی ڕەسمییدا لەگەڵ یەپەگە و کانتۆنی کۆبانێ.

ڕۆژنامەی سەباح ی بنەماڵەی ئەردۆگان،  لە ژێر وێنەکە نووسیوێتی نوێنەری ترامپ برێت مکگورک لە تەنیشت گەورە تێرۆریستیکی پەکەکە بە ناوی ساهین جیلۆ دانیشتووە کە لە لایەن تورکیا وە وەک خەتەرناکترین تێرۆریست داواکراوە و چوار ملیۆن لیرە بۆ دەستبەسەرکردنی تەرخان کراوە.

Trump’s special envoy to Deash (third from the right) sits side by side with the most ]]wanted PKK terrorist Şahin Cilo at a meeting in Kobani in 2016.

https://www.dailysabah.com/war-on-terror/2017/05/18/us-envoy-seen-beside-most-wanted-pkk-terrorist-in-2016

با ڕووداوەکە لە سەرچاوەیەکی ئەوساوە بخوێنینەوە.

[ وەفدێک کە نوێنەری ئەمریکا بۆ جەنگی دژ بە دەولەتی ئیسلامی [ برێت مکگورک] ی تێدا دیار بوو، لەگەل یەپەگە لە دوا کۆتایی هەفتەی کانوونی دووەم کۆبوونەوە. یەپەگە لە حوزەیرانی رابردوودا کۆنترۆلی تەواوی کۆبانێی کرد، لە جەنگێکدا کە ڕەمزیکی بەهێزی موقاوەمەی کوردیی بوو. مکگورک لە کاتی دانوستانەکانی جنێڤدا سەردانی کۆبانێ دەکات، و پلاکێکی بە خەلات لە لایەن کەسێک پێی دەلێن جەنەرالی یەپەگە پێبەخشرا.

ئەردۆگان لە سەفەرێکی لاتین ئەمریکا و سەنیگال دەگەڕایەوە، لە ناو تەیارەکەیدا وەک [ بەسەر خەبەر] راپۆرتی دا، ئەردۆگان [ بە ئەمریکییەکانی] وت:

ئێمە چۆن باوەڕ بە ئێوە بکەین، ئەوە منم کە شەریکی ئێوەم یان تێرۆریستانی کۆبانێ؟

سەرۆکی تورکی وتی: هەردوو ڕێکخراوی پەیەدە و یەپەگە تێرۆریستن. ئەنقەرە بە بەشێک لە پەکەکەیان دادەنێت، کە وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی لە تورکیادا قەدەغەیە.

A delegation featuring Brett McGurk, the United States’ envoy to the coalition it leads against Islamic State (IS, formerly ISIS/ISIL), met the YPG over the last weekend in January. The YPG took full control of Kobane late last June, in what was a powerful symbol of Kurdish resistance.

“He [Brett McGurk] visits Kobane at the time of the Geneva talks and is awarded a plaque by a so-called YPG general?” Erdogan told reporters on his plane while returning from a trip to Latin America and Senegal, the Beser Haber newspaper reported.

“How can we trust [you]?” Erdogan said.

“Is it me who is your partner, or the terrorists in Kobane?” the Turkish president said, adding that both the PYD and the YPG are “terrorist organizations.” Ankara considers them to be part of the PKK, banned in Turkey as a terrorist group.

https://www.globalresearch.ca/erdogan-to-us-me-or-terrorists-must-choose-between-turkey-and-syrian-kurds/5506751



**دەرکەوتنی باجی یەپەگە بە شانی سەربازانی ئەمریکییەوە و ئالای یەپەگە لە پال ئالاّی ئەمریکی بە سەر هامەرەکانەوە.**

بۆ مانگی مایسی ٢٠١٦ واتە پێنج مانگ دوای سەردانەکەی مکگورک، وێنەی سەربازانی ئەمریکی بڵاودەبیتەوە کە باج و نیشانی یەپەگەیان بە شانەوە. دوای ئەوە دیسان تورکیا کردی بە هەرا، بەلام من خۆم چاوپێکەوتنێ ڤیدیۆیی سەربازیکی ئەمریکیم بینی؛ کە ئەمە وشە بە وشەی قسەکانی بوو:

من شانازی دەکەم کە باجی خوشک و براکانم لە یەپەگە و یەپەژە هەڵگرم.

بەلێ نەیوت هەڤال، هاوخەبات، سەرباز، وتی: خوشک و براکانم!

دیارە ئەمە لەحزەیەکی تری شانازی نەتەوەییمانە کە بە داخەوە بە مردوویی لە دایک دەبێت چونکە خاوەنی نییە و کەس ئەم هەموو بەڵگە مێژووییە مەزنانە ئەرشێف ناکات!

گەورەترین جەنەرالی دەریایی ژنی ئەمریکی دوای چەند ساڵ خزمەت، بە حەسرەتەوە ئاشکرای کرد کە لە کاتی خزمەتی سەربازییدا ڕەیپ [ لاقە] کراوە، سالانە سەدان ژنە سەربازیی ئەمریکی سکالا لە دەست لاقەکردن دەکەن، بەلام سەربازی ئەمریکی کچە شەڕوانێکی کورد، نموونەی شەرەف و ئازایەتیی و جوانیی، بە خوشکی خۆی دەزانێت و ئاوا ڕێزی دەگرێت و بەشانازییەوە باجی یەپەژە بە شانییەوە دەکات!

( 6 )

## یەپەگە بە پێشنیازی ئەمریکییەکان ناوی هەسەدەی هەڵبژارد.

دوای ئەو سەفەرە مێژووییە یە ڕێچکەشکێنەی مکگورک و گەورەبەرپرسانی ئەمریکیی، پێوەندی نزیکی نێوان سوپای ئەمریکی و لەشکری یەپەگە و یەپەژە ئاشکرا تر و ڕۆژانەتر و ئاساییتر بوو. هەر لەو کاتیشدا هەرەشە و گورەشەی تورک زیاتر بوو. گومانی نییە مکگورک و سەربازانی ئەمریکی هاوسۆزیی ڕاستەقینەیان لەگەڵ کورد بوو، بە هەموو شێوەیەک دەیانەویست لە دەستدرێژیی و هەراسانکردنی تورک بیانپارێزن.

بۆ ئەوەی تورکیا وەک کورد و یەپەگە و تێرۆریستی پەکەکە، ناویان نەبات، فەرماندەی هێزە تایبەتییەکانی ئەمریکیی جەنەڕاڵ ترایمۆند تۆماس لە تەمووزی 2017 دا پێشنیازی ناوی [هێزەکانی سوریای دیمۆکرات] ی بۆ یەپەگە کرد و ئەوانیش قبوڵیان کرد. تۆماس وتی: ئەو ناوە بۆ پێوەندییکاری گشتیی [ پی. ئار] دۆستانەترە.

https://en.wikipedia.org/wiki/People%27s_Protection_Units

ئەمە بە ڕوالەت شتێکی سادە بوو، بەلام ڕاستی گۆڕانیکی ئایدیۆلۆجیی و کۆدیتایەکی میدیایی گرنگ بوو. گەرچی یەپەگەش [ یەکینەکانی پاراستنی گەل] یش ناوێکی پڕ بە پێست و بەرگریی و خەڵکخواز بوو، بەلام هەسەدە چەترەناوێکی فراوانتر بوو کە دوو دامێنی ئایدیۆلۆجی گرنگی بە یەپەگە دەدا:

A- یەپەگە تەنیا هێزیکی نەتەوەیی کورد نییە و هێزێکی سورییە و پێکهاتەکانی تری سوریای لە عەرەب و تورکمان و ئاسووریی و... هتد، لەگەڵن.

B- هەسەدە جیایە لە هیزەکانی [ سوپای ئازاد] کە ئیسلامیی و دینیی و سەر بە ولاتانی جیان بە پێچەوانەوە هەسەدە دیمۆکراتیی و عەلمانیی و پێشکەوتنخوازە.

دیارە ئەمانە تەنیا دروشم و پروپاگەندەی ئایدیۆلۆجی نەبوون. لە پرۆسەی بەرگری پیرۆز دژە داعش و، لە دامەزراندنی ئیدارەی خۆیی ڕۆژاوا و هەڵبژاردنی ئەنجومەنە ناوچەیی کانتۆنەکان بەرجەستە بوو. و عەشایرە عەرەبییەکان دەسەلاتی هێزێکی کوردییان، کە ئەمریکا پاڵپشتی بێت، بە لاوە پەسندتر بوو لە دەسەلاتی ڕژێمی سوریی یان هیزە ئیسلامیستە عەرەبەکان کە بەلای کەمەوە 150 جەللادە-گروپی دوژمن بە یەک و بە خوێنی یەکتر تینوو بوون و ئێستاش وا ماونەوە.

( 7 )

## ئەمریکا و هاوپەیمانیی جیهانیی دژی داعش هەسەدە هەڵدەبژێرێت.

ئەمریکا و هاوپەیمانانیش (فەرەنسا و بەریتانیا] هەسەدەیان وەک هێزی هاوپەیمانی ستراتیجی ناومەیدان بۆ شەری دژی داعش و دابینکردنی ئیدارە و ئاسایش هەڵبژارد. دووبارە دەبێت دەوری

گەورە و شەرەفمەندانەی برێت مكگوركمان وەک نوێنەری ئەمریكا بۆ بەرەی دژە داعش لەبەر چاو بێت. ئەمریكا و هاوپەیمانان وەک مەشقپێكردن و چەكداركردن و ڕاوێژكردن و راوێژپێكردن یەپەگە/ هەسەدەیان بەرە بەرە وەک سوپایەكی شیوەنیزامیی پێگەیاند و جەنەراڵەكانی كوردیش لەبەر زیرەكیی و جوانمەردیی و متمانە و ئازایەتیی و توانای گەورەی ڕێكخستن و بیری كراوە و تۆلێرانسیان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر متمانە و ڕێز و تەقدیری سوپای ئەمریكییان بە دەست دێنا.

( 8 )

## خۆبەخشانی جیهان خەباتی یەپەگە نێونەتەوەیی دەكەن.

سەدان كۆنە عەسكەریی و تازە گەنجی خۆبەخش لە هەموو دنیاوە دەچنە ناو ڕیزەكانی یەپەگە و یەپەژە وە. ئەم هاتنەی خۆبەخشانی جیهانیی دامێنێكی ئینسانیی و شۆڕشگێریی و تەوژمێكی راگەیاندنی گەورەی بە كورد و یەپەگە و یەپەژە دا، جگە لە دەوری گەورە و شارەزایانەیان لە مەیدانی جەنگ و بنیاتناندا، لە ئاستی گوشاری سیاسیی و كاركردن لە ڕای گشتیی، دەورێكی بەرچاویان هەبوو. كە ترامپ بریاری كشانەوەی دا، خۆبەخشە ئەمریكییەكان كامپەینێكیان دژی ئەم بریارە پێكهێنا و ترامپیان بە درۆ خستەوە و بۆ ڕای گشتییان روون كردەوە كە بە بەشداری ژمارەیەكی كەمی سەربازیی ئەمریكیی و بێ قوربانیی، بەڵام بە خەبات و قوربانیی و جوانمەردیی و ئازایەتی كچان و كوڕانی یەپەژە و یەپەگە گەورەترین سەركەوتن بەسەر داعشدابەدەستهێناوە و، ئەمریكا لە سوریا ئەزموونیكی بنیاتنەر و سەركەوتووی هەیە و ترامپ خیانەت لە كورد و لە ئەمریكاش دەكات.



ڕاپڤەر هاگی ئەمریکی تەمەن 43 ساڵ خۆبەخش بوو وەک تیمارچی لە بەرەکانی جەنگدا و دەیان بریندار یەپەگەی تیمارکردووە، دوای بڕیارەکەی ترامپ کامپەینێکی دژی بڕیارەکە دامەزراند، وەک برای باب و دایک بە سۆز و عاتیفەوە باسی هەڤاڵەکانی لە یەپەگە دەکات ئەوانەش کە لە پێش چاوی ئەودا شەهید بوون. بڕوانە ئەم راپۆرتە.

https://www.latimes.com/nation/la-na-syria-american-militiamen-2019-htmlstory.html

( 9 )

## نەخشەی مکگورک و وەزیری پێشووی بەرگری ئەمریکیی ماتیس بۆ مانەوەی درێژخایەن و گۆڕینی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەپەگە بۆ ناوچەی فیدرالی ئۆتۆنۆمیی..

بۆ ئەم مەبەستە پنتاگۆن ڕایگەیاند کە هێزێکی پرۆفیشنالی سەربازیی نوی لە هەسەدە دروست دەکات کە ژمارەیان سیی هەزار بێت، واتە هیزەکانی هەسەدە دەبنە 90.000 سەربازی پرۆفێشناڵ، وەک هیزی پاراستنی سنوورەکان و ئاسایشی ناوچە رزگارکراوەکان کار دەکات.

نییۆیۆرکتایمز هەواڵەکەی ئاوا رایگەیاند:

نەخشەیەک بۆ دروستکردنی هێزێکی سنوورپارێز بە پشتیوانی ئەمریکا، کە کورد رێبەری دەکات، لە ناوچەی سەرووی ڕۆژهەلاتی سوریا دەنگی زەنگی مەترسیی لە ناوچەکەدا بەرزکردەوە کە ئەمریکا دەیەوێت ناوچەبڕیکی ئۆتۆنۆمیی کوردیی کە زیاتر ولاتەکە [ سوریا] دابەشدەکات، بەهێز بکات.

BEIRUT, Lebanon — A plan to create a new American-backed, Kurdish-led border force in northeastern Syria has raised alarms in the region that the United States may be helping to cement an autonomous Kurdish enclave that could further divide the country

نیویۆرک تایمز ڕوونی دەکاتەوە کە ڕوسیا، تورکیا و ئێران و سوریا دژی دروستکردنی ئەم هێزەن:

ئەم هێزە سیی هەزار کەسییە بە توندوتیژیی لەلایەن ڕوسیا و تورکیا و ئێران و حکومەتی سورییەوە دژایەتیی کرا، دەشێ کە ئاگری قۆناغێکی نوێ لە جەنگێک داگیرسێنێت کە دەشێ هاوپەیمانانی ئەمریکا بخاتە ناو سەنگەری دژ بە یەکەوە و ئەمریکا قووڵتر بۆ ناو شەڕەکە ڕابکێشێت. لە کاتێکدا بەرپرسانی کوردیی و ئەمریکیی هەولیان دا هەراکە سارد بکەنەوە و شێلگیر بوون کە هێزەکە شتێکی تازە نییە، بەلام هێندێ ترسی [ تورک و ڕوسیایان] پشتڕاست کردەوە. وتیان ئەو هیزە یارمەتیی دەدا بۆ پاراستنی ئەو بەشە لە سەرووی ڕۆژهەڵاتی سوریا کە لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکرات، کە کورد رێبەرییان دەکات، کۆنترۆلکراون. ئەو ناوچەیەی

کە بۆتە ناوچەی خۆبەڕێوەبەر/ ئۆتۆنۆمی ئەمری واقیع. هەروەها وتیان کە ئەمریکا ئیلتیزام بەوەوە دەکات، کە بەلای کەمەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ پشتگیریی ئەو هیزە بکات.

The 30,000-strong force, vehemently opposed by Russia, Turkey, Iran and the Syrian government, could also ignite a new phase in the war that could pit American allies against one another and draw the United States conflict. deeper into the

While Kurdish and American officials sought to tamp down the controversy on Tuesday, insisting that the force was really nothing new, they confirmed some of the fears.

They said the border force will help defend and preserve the section of northeastern Syria controlled by the Kurdish-led, United States-backed militia known as the Syrian Democratic Forces, an area that has become a de facto semiautonomous zone. And they said that the United States was committed to backing the force for at least two years.

https://www.nytimes.com/2018/01/16/world/middleeast/syria-kurds-force.html



وێنەی هێزەکانی یەپەگە لە رۆژنامەی نیویۆرک تایمز. 16 کانوونی دووەمی 2018

بەداخەوە ئەم ئاشکراکردنە بوو کە روسیا و تورکیاشی هارکرد و دڵنیابوون لە راستیی پرۆژەی ئەمریکیی کە یەپەگە بتوانێت ناوچەکانی بە عەفرینیشەوە پێکەوە گرێبدات و بگاتە دەریای ناوەڕاست و ئەمریکاش وەک ناوچەیەکی نفوزیی خۆی دەیپارێزێت و لێیناکشێتەوە.

تورکیا لەگەڵ توندبوونی هەڕەشەو گورەشەکانی، نەیتوانی هیچ پەرچەکردارێک لە ناوچەی دەسەلاتی ئەمریکییدا بکات، بەلام بە داخەوە پۆتین بۆ نەخشەی دوورخایەنی خۆی بۆ دابڕینی

تورکیا لە ئەمریکا و ناتۆ، عەفرینی کردە قوربانیی. ئەمە تاکە هۆیەکی ستراتیجی کاریگەر بوو کە تورکی کوردکوژ تەواو باوەڕی بە روسیا بێت نەک ئەمریکا و بوو بە بەردەبازێکی تر لە پێوەندیی ستراتیجییتر بە ڕوسیا و کڕینی ئێس- 400 و دروستکردنی بنخانی زەبەلاحی وزەی کارەبایی ئەتۆمیی و سەیلی گازیی تورکیی و پرۆسەکانی ئەستانا و سۆچی و فرۆشتنی یەک بە یەکی گروپە ئیسلامیستەکانی سوریا و ناوچەکانیان بە پۆتین و رژێمی سووریی.

## ( 10 )

## ئەمریکا هەسەدە وەک هاوپەیمان و سوپای زەمینیی بۆ رزگارکردنی ڕەققە و دێرەزوور هەڵدەبژێرێت.

خاڵەکانی سەرەوە هیلێکی هەڵکشاو لە بەرزبوونەوەو پتەوبوونی متمانەی ئەمریکییەکان بە تایبەتی پنتاگۆن بە کورد لە سوریا نیشان دەدەن لەگەڵ هەوڵی بەردەوام و راستگۆیانەیان بۆ دروستکردنی هەسەدە و کورد وەک بنخانی هێزێکی ستراتیجیی و هاوکات و هاوهەنگاو لەگەل ئەمە دورستکردنی ستراتیجی سەربازیی و سیاسیی ئەمریکا لە سوریا بە بنەمای کوردیی.

بەلام هێشتا نەچاوێکی [ سەرپرایزیکی] تر بۆ من: هەڵبژاردنی هەسەدە بوو بۆ ئەو ئەرکە مەزن و سەخت و تێچووەی ئازادکردنی رەققە و دیرەزوور و لەناوبردن و بنبرکردنی داعش لە سوریا.

ئەمە لە هەموو هەنگاوەکانی پێشوو شیتکەرتر بوون بۆ ئەردۆگان: چۆن ئەمریکا میلیشیای تێرۆریستی دوژمنی تورکیا هەڵدەبژێرێت و هاوپەیمانی ستراتیجی دێرین و ئەندام و دووەم هیزی ناتۆ هەڵنابژێرێت؟

ئەمە راستی لۆجیکی تێدا بوو. نهێنیی چییە ئەمریکا هەسەدە هەڵدەبژێرێت و چۆن تا ئەو رادەیە متمانەی هەیە کە ئەوان وەک هێزی زەمینیی ئەو ئەرکە مەزنە بە سەرکەوتوویی و سەربەرزی ئەنجام دەدەن؟ ئایا پێوەندی لەگەڵ تورکیا تا ئەو رادەیە پچڕاوە کە لەم ئەرکە سەربازییەدا گەورەدا بە تەواویی پشتگوێی بخات؟

ئیدی، کۆتایی چیرۆکەکە دەزانن. لە بن بۆردومانی ئەمریکا و پێی پیرۆزی جەنگاوەرانی کچ و کوڕی کورد، گوند بە گوند، شار بە شار، داعش تێکشکینرا، رەققەی پێتەختیان و دیرەزووری زۆر پڕ بەرەکەت و نەوت و داهات، کەوتنە ژیر دەسەلاتی یەپەگەوە.

## ( 11 )

## فەشەلی کشانەوەکەی ترامپ و پشتگیری پنتاگۆن و هەموو بنکەکانی دەسەلاتی ئەمریکی بۆ کورد.

وازهێنانی یەکسەریی وەزیری بەرگری ئەمریکا کە بەڕیزترین و بەهێزترین ئەندامی کابینەی ترامپ بوو، لەگەل برێت مکگورک نوێنەری ترامپ/ ئەمریکا بۆ جەنگی دژەداعش خۆی

نیشاندەرێکی گەورەی شۆک و نارەزایی پنتاگۆن بوو لەو کەرێتییە بێوێنەیەی ترامپ بە تایبەتی کە دوای ئەو هەموو جەنگ و ڕووخاندن و بنیاتنانە، بە سەرسەرییەکی وەک ئەردۆگان بڵێ: ئیدی تەواو. من لە سوریا دەکشێمەوە. هەمووی بۆ تۆ!!

دوابەدوای ئەوە پشتگیری کۆنگرێس، دیمۆکرات و کۆمارییەکان بۆ کورد لافاوی ڕەخنەی میدیای ئەمریکی بەرامبەر ترامپ و وەستانی هەموو هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بەتایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەلمانیا دژی ئەم بریارە.

**12-** لە کۆبانێ وە رەمزی بەهیزیی بەرگریی نەتەوەیی کورد بۆ باغۆز ئاوازی بەهیزیی سەرکەوتنی نەتەوەیی کورد.

دوای فشەبازییەکەی ترامپ ئەردۆگان خۆی گیڤ کردەوە. باشە ئەوە سوپاکەمان ئامادەیە، دەچینە ڕۆژهەلاتی فورات، دوا بنکەکانی داعش لە باغۆز پاک دەکەینەوە. گەر ترامپ ڕێگەی بدایە مانای وابوو هەموو خەباتی کورد بۆ لەناوبردنی داعش پێشکەشی تورک دەکرا، گەر ئەوان باغوزیان بگرتایە [ کە بێگومان داعشەکان بێ شەڕ تەسلیمیان دەبوون] ئەوا ئەردۆگان سەرکەوتنی بەسەر داعشدا ڕادەگەیاند، بەلام ئەمریکا وەک دەزگای سەربازیی و سیاسیی ڕێگەی ئەمەی نەدا، شەرەف و خۆنازیی مەزنی لەناوبردنی داعش لە دوا کون و مۆڵگەیدا بەر خەباتکارانی یەپەژە و یەپەگە بردرا.

( 12 )

## کوردسەرکەوتن بەسەر داعشدا رادەگەیەنێت:



بڵاوترینی وێنەی سەرکەوتنی باغۆز. ڕەمزی سەرکەوتنی سەربازیی، سیاسیی، ئەخلاقیی و ئایدیۆلۆجی کورد بە سەر دڕندەگەریی ئیسلامیی داعشییدا. کچەجەنگاوەرێکی یەپەژە ئاڵای گڵاوی داعش لە دوا بنەکەیاندا لە باغۆز دادەگرێ و فرێی دەدا و دەکەوێیە بنپێیان و ئاڵای یەپەژە لە جێی دادەنێ. ڕەمزییەتی وێنەکە گرنگە هەم کچی کورد سەرکەوتنەکە وەک سەرکەوتنی خۆی تۆمار دەکات، هەم ئاڵاکەش هی یەپەژەیە.

دەزانن چەند دەوڵەت لە هاوپەیمانی جیهانیی نیونەتەوەیی دژەداعشدا بەشدار بوون؟

سەیری سایتەکەیان بکەن بەو ناوە گەورە؛

هاوپەیمانی گلۆبال [گەردوونیی] دژی داعش.

ئەوسا دروشمەکەیان بە پیتی زەبەلاح نووسراوە: 80 هاوکاریی یەکگرتوو بۆ زامنکردنی تێکشکاندنی تەواوی داعش

# 80 PARTNERS UNITED IN ENSURING DAESH'S ENDURING DEFEAT

https://theglobalcoalition.org/en/

بەڵێ هەشتا دەوڵەت

بە سەرۆکایەتی بەهێزترین دەوڵەتی دنیا ئەمریکا، کە بودجەی سەربازیی ساڵانەی 750 ملیار دۆلارە.

بە بەشداریی گوایە تورکیا کە دووەم سوپای ناتۆیە

بە بەشداری سەعودیە کە سێیەم بودجەی گەورەی سەربازیی هەیە

بە بەشداری ئەندامانی ناتۆی زەبەلاحی وەک بەریتانیا، فەرەنسا، ئەلمانیا، ئیسپانیا، ئۆستڕالیا، کەنەدا، هۆلاند و... هتد.

بەکورتی هەشتا، بەڵێ هەشتا دەوڵەت!

بەلام کێ زامنی تیکشکانی تەواو و دوایی داعشی کرد؟

کام لەم 80 دەولەتە یان هەموویان بەیەکەوە ڕوویان هات لە ڕۆژی تێکشکانی کۆتایی داعشدا لە باغووز رووی خۆیان دەرخەن و بڵێن: ئێمە داعشمان تێکشکان>

کام دەولەت لە جیاتی هەشتا دەوڵەتەکە تیکشکانی داعشی راگەیاند و سەرکەوتنەکەی بۆ 80 دەولەتەکە تۆمار کرد؟

تەنانەت ئەمریکا کە دەوری سەرەکیی و هەرە بڕیاردەری هەبوو، ئایا سەرکەوتنەکەی بە زمانی خۆی و دەنگی خۆی و راگەیاندنی خۆی بۆ خۆی ڕاگەیاند؟

نا، نا. نا.

هێزێک کە یەکیک نییە لەو 80 دەولەتە، دەولەت نییە، سوپای فەرمیی نییە، بە فەرمیی نەناسراوە، جیایە لە هەموو سوپایەکانی دنیا کۆن و تازە لەوەدا کە کچان و ژنان وەک پیاوان ئازایانە و ئازادانە و بە باوەر و ئیمانەوە لە سەرەدم و جوگرافیای تاوان و وەحشییەت و کۆیلایەتیی دینیی، بۆ ئازادی خۆیان و خاکەکەیان و خەڵکەکەیان دەجەنگن. هیزێک کە مرۆڤیکی 20 ساڵ زیندانیی بە سەرۆک و باوک و ڕێبەری ڕۆحیی خۆیان دەزانن، کە هەر ئەو هیزە دژەداعشییانەی ئەمرۆ بوون، بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و هاوکاریی ئیسرائیل و ناتۆ و ئەورووپا و یۆنان و ئیتالیا و... هتد، گەورەترین پیلانی ڕواکردن و گرتن و دزین و ئەوسا ئەشکەنجەدان و زیندانیکردنیی ئەبەدییان، لە دژی ئەنجام دا.

**بەڵێ ئەوە قسەخوانی هەسەدە مستەفا بالی بوو سەرکەوتنی کۆتایی ڕاگەیاند.**

**ئەوە کچەشەڕوانی یەپەژە بوو ئالای گڵاوی داعشی تووڕهەڵدا و ئالای پیرۆزی یەپەژەی بەرزکردەوە.**

**ئەوە لەشکری هەسەدە بوو مەراسیمی سەرکەوتنی ئەنجام دا.**

**ئەوە ئالای یەپەگە بوو شەکایەوە.**

**ئەوە جەنەرالی جەنگاوەری گەورەی کورد، ناسراوی دنیا، مەزلوم عەبدی بوو کە وتاری سەرکەوتنی دا.**

**ئەوە کچان و کوڕانی یەپەگە و یەپەژە بوو کە نمایشکران و ڕێزیان لێنرا**

**بە مارشی ئەی رەقیب لەگەل مارشی ئەمریکیی، گەورەترین دەولەتی دنیا، مەراسیمەکە کرایەوە.**

**سەربەرزیی کچی کورد، ئالای ژنی کورد، راگەیاندنی هێزیی کورد، وتاری جەنەراڵێکی کورد، مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبی کورد و کوردستان.**

**ئەمە بوو راگەیاندنی سەرکەوتنی تەواو کۆتایی بەسەر داعشدا**

**جگە لە نوێنەری ئەمریکا هیچ کام لە 79 دەولەتەکەی تر دیار نەبوون.**

**تا بلێ: منیش!**

ئەوە هەواڵی کۆتایی داعش لە سایتێکی سەربازیی ئەمریکیدا[دیفێنسپۆست] کە لەگەڵ ئەو وێنەیەی سەرەوە بلاوکراوەتەوە:

[هێزەکانی سوریای دیمۆکرات سەرکەوتنیان بە سەر دەوڵەتی ئیسلامیی لە سوریا ڕاگەیاند، و کۆتاییان بە خەلافەتی خۆناسی ئەوان هێنا کە جارانێک بە پانایی ولاتەکە[سوریا] و عێراقی دراوسێدا درێژ دەبۆوە.

قسەخوانی هەسەدە مستەفا بالی لە ڕۆژی شەممەدا 23 ی مارت، تویتاندی:

[ هێزەکانی سوریای دیمۆکرات، لەناوبردنی تەواوی ئەوەی پێیدەوترێ خەلافەت و نەمانی سەدی سەدی ناوچەی ژێردەسەلاتی رادەگەیەنێت. لەم ڕۆژە تاکوێنەدا، ئێمە یادی هەزاران لە شەهیدەکانمان دەکەینەوە کە هەول و قوربای ئەوان ئەم سەرکەوتنەی مسۆگەرکرد.]]

The Syrian Democratic Forces has declared victory over Islamic State in Syria, ending the group's self-declared caliphate that once stretched across the country and neighboring Iraq.

"Syrian Democratic Forces declare total elimination of so-called caliphate and %100 territorial defeat of ISIS. On this unique day, we commemorate thousands of martyrs whose efforts made the victory possible. #SDFDefeatedISIS," SDF spokesperson Mustafa Bali tweeted on Saturday, March 23.

https://thedefensepost.com/2019/03/23/sdf-victory-isis-syria/

ئەم راگەیاندنەی هەسەدە لە دوو لاوە گرنگییەکی مێژوویی بە درۆ خستنەوەی ترامپی هەبوو. پێش سێ مانگ ترامپ لە بریاری کشانەوەیدا رایگەیاندبوو: داعشمان سەدی سەد لە ناو بردووە. بەلام سێ مانگی تری پێچوو، درۆی یەکەم، و دووەم ئەوە ئەمریکا نەبوو کە لە جوگرافییەکەیدا لە ناوی بردوو لەرووی ئەخلاقییەوە مافی ئەوەی نەبوو لە کاتێکدا کورد 10.000 شەهید بدات، ئەو بە ناوی خۆیەوە سەرکەوتنەکە رابگەیەنێت.

( 13 )



## ڕێککەوتنی مەنبیج حوزەیرانی 2018

تورکیا دەیوت: ڕیکەوتنەکە کاتبەندە و زوو جێبەجێ دەبێت و ئەمریکا هەسەدە دووردەخاتەوە.

ئەمریکا وتی: بە هەلومەرجەوە بەندە و قۆناغ بە قۆناغە و کاتێکمان دیاری نەکردووە.

دوای ساڵێک زیاتر، مەنبیج هەر قسەی پووره مەنیج بوو. هیچی لێدەرنەچوو. هەسەدە لەوێ لە بن چەتری ئەنجومەنی سەربازیی مەنبیج زیاتر بووە، نەک کەمتر.

چاوشئۆغلۆ: خشتەکاتیک بۆ لابردنی هەسەدەو گۆڕینی ئەنجومەنی لۆکالی فەرمانداری هەیە.

قسەخوانی وەزارەتی دەرەوە: هیچ خشتەکاتیک نییە. هەنگاو بە هەنگاو بۆی دەڕۆێن. کە هەنگاوێکمان تەواو کرد دەچینە سەر هەنگاوێکی دی. ئەمەش بە هەلومەرج و گفتوگۆ و دانوستان و ڕەوشی فیزیکی لە مەیداندا بەندە!!

n contrast to Turkish officials, including Cavusoglu, who have insisted there is a specific timeline for a political transition to remove the Kurdish-led Syrian Democratic Forces (SDF) from Manbij and change the local governing council, US officials have refrained from articulating such a timeline.

“We can’t attach a specific timeframe to it,” a senior State Department official explained to reporters. There are “several phases” to the roadmap, and we will “move to the next phase, when the previous one is completed.”

That, in turn, “will depend on conversations, negotiations, and the physical disposition on the ground in the Manbij area,” he continued.

### هەڕەشەی ئەم دوایی یە و ئەوەی پێی دەوترێ ڕێکەوتنی کۆریدۆری ئاشتیی.

کۆڕیدۆری ئاشتیی ئەو ناوە تازەیە کە ئەمریکییەکان بۆ ناوچەی ئارامی تورکخوازیان دانا و تورک قبولی کردووە. چێمس جێفری نوێنەری ئەمریکا لە سوریا و بۆ هاوپەیمانی دژەداعش لە دەیان چاوپێکەوتن و راگەیاندندا جەختی کردووە ئەمە بۆ زامنکرنی ئەمان بۆ تورکیا و بۆ هەسەدە وەک یەکە:

بۆ تورکیا تەنیا بەوەی مەفرەزەی هاوبەش و درۆنی تورکیی و ئەمریکیی پێکەوە بە ناوچەیەکدا بگەڕێن کە تا ئێستا دیاریی نەکراوە چەندە و کوێیە تا دڵنیابن هیچ هەڕەشەیەک لە سنوورەکانی سوریاوە بۆ سەر تورکیا نییە!

بۆ هەسەدە بە زامنکردنی پشتگیریی دارایی و ناردنی سەدان شاحینەی بەردەوامی چەک، لە کاتێکدا داوای سەرەکی تورک ئەوە بوو یەپەگە نەک تەنیا چەکەکانیان لێبستێندرێتەوە، بەڵکو زیندەبەچاڵ بکرێن..

دوا هەواڵی ڕیکەتنەکە ئەمڕۆیە[22 ئار تی / ٨].. هەمان سیناریۆی سەرەوەی مەنبیج و پوورەمەنیج.
تورکیا دەڵێت: خشتەکات هەیە و بەم زووانە جیبەجێدەبێت، ئەمریکا دەڵێت: تەنیا لە سەر چوارچێوەکە ڕێکەتووین و گفتوگۆ لە سەر میکانیزمەکە ماوە و هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەبێت.

بەلام ئێستا ئەردۆگان ئاخری شوێنێکی تری دێشێت

ئێستا ئەوە لە ئیدلیبە، کە روسیای هاوپەیمان رۆژی حەشری بۆ تورک سازکردووە و ئەردۆگان نقەی لێوە نایەت!!

بێگومان ئەوەش پێوەندی بە خەونی ناوچەی ئارامی تورک لە ڕۆژاواوە هەیە کە ڕوسیا و ئێران و سوریاش بە توندی دژی وەستان!